# کانیاوەکانی بەهەشت

کانیاوێکی زۆرو بەتام و چێژی جیاجیا لە بەهەشتدا هەیە: ﴿إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ﴾ (الحجر:٤٥) واتە: بەڕاستی پارێزگاران لەناو باخ و کانیاودان.

﴿إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي ظِلَالٍ وَعُيُونٍ﴾ (المرسلات:٤١) واتە: پارێزگاران لەبەر سێبەرو لەسەر کانیاوەکانن.

لەوەسفی ئەو دوو باخەی کە بۆ ئەو کەسانەی ئامادە کردووە کە لەخوای خۆیان ترسابوون، دەفەرموێ: ﴿فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ﴾ (الرحمن:٥٠) واتە: دوو کانیاوی تێدایە بەخوڕ دەڕۆن.

بۆ دوو باخەکەی ژێرەوەشیان، دەفەرموێ: ﴿فِيهِمَا عَيْنَانِ نَضَّاخَتَانِ﴾ (الرحمن:٦٦) واتە: دوو کانی هەڵقوڵاویان تێدایە.

دوو کانیاویش لە بەهەشت هەیە، کەسە نزیکەکان بەبێ هیچ تێکەڵ کردنێك پاك لەئاوی ئەو دوو کانیە دەخۆنەوە، چاکەکارانیش تێکەڵ بەهی دیکە لێیان نۆش دەکەن.

**کانیاوی یەکەم:** کانیاوی کافور، خوای پایەبەرز دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِن كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا، عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ اللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا﴾ (الأنسان:٥_٦). واتە: بەڕاستی چاکەکاران لە پەرداخێك نۆش دەکەن کە کافورو عەتری خۆشی تێکەڵ کرابێ، لە کانیاوێك بەندەکانی خوا لێی دەخۆنەوەو لەهەر لایەك ئارەزوو بکەن بەری دەدەنەوە.

جا پێی ڕاگەیاندوین کە چاکەکاران خواردنەوەی تێکەڵ بە کانیاوی کافور نۆش دەکەن، لە کاتێکدا بەندەکانی خوا بە سادەیی‌و زوڵاڵی دەینۆشن.

**کانیاوی دووەم:** کانیاوی تەسنیم، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ عَلَى الْأَرَائِكِ يَنظُرُونَ تَعْرِفُ فِي وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ النَّعِيمِ يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ خِتَامُهُ مِسْكٌ وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ الْمُتَنَافِسُونَ وَمِزَاجُهُ مِن تَسْنِيمٍ عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا الْمُقَرَّبُونَ﴾ (المطففين:٢٢_٢٨) واتە: بێگومان چاکەکاران لە نازو نیعمەتدان، لەسەر کورسی‌و قەنەفە ڕازاوەکان تەماشای دەوروبەری خۆیان دەکەن، هەر لە ڕوخسارياندا خۆشگوزەرانی دەبینیت، ئەوان لە شەرابی زوڵاڵی دەست لێنەدراو و مۆرکراو تێراو دەکرێن، دوا قوومی بۆنی میسکە، کانیاوێکە نزیکەکانی خوا لێی دەخۆنەوە.

هەروەها کانیاوێکی دیکەش لە بەهەشت هەیە ناوی سەلسەبیلە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّى سَلْسَبِيلًا﴾ (الأنسان:١٧_١٨). واتە: لەوێدا بە کاسەیەك تێراو دەکرێن کە زەنجەبیلی تێکەڵ کراوە، کە ئەویش کانیاوێکە لە بەهەشت سەلسەبیلی پێ دەڵێن. وە ڕەنگە ئەمەش کانیاوەکەی پێشوو بێت.

**سەرچاوە : کتێبی بەهەشت و دۆزەخ**

**نوسینی : د. عومەر سلیمان ئەشقەر**

WWW.BA8.ORG